بەخێربێن بۆ حەوتەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (C4JR)، بە بەردەوامی هەواڵنامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ ەوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی و سۆرانی). ئامانج لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێکراوەیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنیدا بەشدارن، ئەمەش بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## نوێترین هەواڵەکان سەبارەت بە یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی

### ئامارەکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئافرەتانی ڕزگاربوو (بەڕێوەبەرایەتی) و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە مانگی حوزەیراندا پێدانی قەرەبوویان بە 1834 ڕزگاربووی دەستی داعش ڕاگەیاند، کە یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی دەیانگرێتەوە. دەتوانن وردەکاری زیاتر لە لاپەڕەی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبووک بەدەستبهێنن:
.https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

### جێبەجێکردنی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی

یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی شایستە جۆراوجۆرەکانی قەرەبووکردنەوە دەگرێتەوە، کە دەبێت بۆ هەر تاکێک دابین بکرێن، کە وەک ڕزگاربوو پەسەند کراوە. لەو شایستانە؛ 1) مووچەی مانگانە؛ 2) خزمەتگوزارییەکانی شیاندنەوە؛ 3) گەڕانەوە بۆ پەروەردە و خوێندن؛ 4) پێشینە لە دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا؛ 5) دابینکردنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان زەوی. بەڕێوەبەرایەتییەکە چالاکانە کار دەکات بۆ پێشکەشکردنی چەند شایستەیەکی وەک؛ پارەی قەرەبووکردنەوە، ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ لای ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کە پشتیوانی شیاندنەوە دەکەن، تەرخانکردنی پارچە زەوی بۆ سوودمەندان لە یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی. لە کاتێکدا بەردەوام کار دەکات بۆ بۆ بەدەستهێنانی سوودی زیاتر و چارەسەری گونجاو تر بۆ ڕزگاربووان.

**پێشهاتە گرنگەکان:**

- بەڕێوەبەرایەتییەکە و لیژنەی باڵای گەڕان بەدوای ڕفێندراوان، پاداشتی داراییان ڕاگەیاندووە بۆ هەرکەسێک بەشداری بکات لە ڕزگارکردنی ڕفێندراوێکی دەستی داعش لە ساڵی 2014وە. بۆ ڕاپۆرتکردنی هەر حاڵەتێک تکایە پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەن (5775). هەروەها، پێویستە وردەکارییەکانی کەسە ونبووەکە یان ڕفێندراوەکە لەڕێگەی ماڵپەڕی بەڕێوەبەرکەوە (لەم بەستەرەوە؛ https://sur.spa.gov.iq) تۆمار بکرێن.
- لە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی سێکسی لە کاتی ململانێکاندا، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەیەمین ساڵیادی لەشکرکێشی داعش بۆ سەر پارێزگای نەینەوا، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەڕێز محەمەد شەیاع ئەلسوودانی پێشوازی لە ژمارەیەک ڕزگاربوو و بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکە، خاتوو سەراب ئیلیاس کرد، بۆ گوێگرتن لە ڕزگاربووان سەبارەت بە پێداویستییەکانیان و ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبنەوە. سەرۆک وەزیران پشتگیری بەردەوامی حکوومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ ڕزگاربووان دووپاتکردەوە.
- لە مانگی حوزەیراندا، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکە سەردانی باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کرد، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی 150 ئافرەتی ڕزگاربووی نیشتەجێی فەرەنسا دەبنەوە. لە میانی دیدارێکدا لەگەڵ باڵیۆزی عێراق د. وەدیع بەتی، خاتوو سەراب ئەلیاس باسی لەو پرسانە کرد کە تایبەتن بە ئافرەتانی ڕزگاربوو کە تا ئێستا لە چوارچێوەی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی قەرەبوویان وەرنەگرتووە. هەروەها باسیان لە ڕێکخستنی ڤیدیۆ کۆنفرانس کرد بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانی بەڵگەنامەکانی لێکۆڵینەوەی تاوان، کە پێویستە پێشکەشکارانی داواکاری بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی جێبەجێی بکەن. بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەم سیستەمە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و وەزارەتی دەرەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی سەردانەکە، سەردانی پەیجی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبووک بکەن؛ https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514



کۆمەڵێک ڕزگاربوو لە هەردوو ڕەگەز لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی سێکسی لە کاتی ململانێکاندا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆبوونەوە. وێنەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئافرەتانی ڕزگاربوو وەرگیراوە.

## هەواڵی پەیوەندیدار

- سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی بەرنامەیەکی هاوکاری دارایی بۆ 3000 ژن و کچی ڕزگاربووی دەستی داعش ڕاگەیاند. ئامانجی ئەم بەرنامەیە باشترکردنی دۆخی دارایی ئافرەتانی ڕزگاربووە لەگەڵ پێشکەشکردنی هەلی کار و دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندرووستی. زیاتر لەم بەستەرەی خوارەوە بخوێنەرەوە. https://www.rudaw.net/english/kurdistan/020720243

- جگە لە پاڵپشتی دارایی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک ڕێوشوێنی بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوەی ڕزگاربووانی دەستی داعش بۆ خوێندن ڕاگەیاند. لەمبارەوە وەزیری پەروەردە ئالان حەمە سەعید بە وردی چەند بڕگەیەکی خستەڕوو، لەوانە لێخۆشبوون لە مەرجی تەمەن و لە هەندێک مەرجی پێشوەختەی خوێندن بۆ ئەو کەسانەی کە پێش ڕفاندنیان پۆلی نۆی بنەڕەتییان تەواو کردووە. ڕزگاربووان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان لە هەر کۆلێژێکی حکوومی بخوێنن و خوێندنی تایبەتیش بۆ ماوەی پێنج ساڵی خوێندن بۆ ئەوان بەخۆڕایی دەبێت. بڕیارەکە لە ساڵی خوێندن 2024-2024وە کاری پێدەکرێت. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە هیواخوازە هەماهەنگی لە نێوان عێراقی فیدراڵی و ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت بۆ ئەوەی بارگرانییەکی ناپێویست لەسەر شانی ڕزگاربووان درووست نەکەن لە ڕێگەی بەرنامەی جیاجیای قەرەبووکردنەوە.

- هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەم دواییانەدا ڕێبەرێکی بۆ بەکارهێنانی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردن و بەدیهێنانی مافی شیاندنەوە بۆ ڕزگاربووانی تاوانەکانی داعش لە عێراق بڵاوکردەوە، وەک لە چوارچێوەی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی گەرەنتی کراوە. ڕێبەرەکە بە ناوی "مافی شیاندنەوە وەک قەرەبووکردنەوە بۆ ڕزگاربووانی پێشێلکاری سەختی مافەکانی مرۆڤ" لەلایەن پرۆفیسۆر نیمیشا پاتێل لە سەنتەری نێودەوڵەتی تەندرووستی و مافەکانی مرۆڤ (ICHHR) و دکتۆر بۆجان گاڤریلۆڤیچ بەرپرسی بەرنامەکانی مافەکان و دادپەروەری بەرهەمهێنراوە لە دامەزراوەی ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ. دەتوانن ڕاپۆرتەکە لەو بەستەرەی خوارەوە بخوێننەوە؛ https://c4jr.org/ar/1306202429189

- لەم چالاکییەدا، ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئەشکەنجەدان دکتۆر ئەلیس ئێدواردز وتارێکی سەرەکی سەبارەت بە چارەسەرەکان و شیاندنەوە و قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی ئەشکەنجەی سێکسی لە کاتی جەنگدا پێشکەش کرد کە دەتوانرێت لێرەوە دابەزێنرێت؛ https://t.co/ZOlTqHejkR

- لە میانەی سەردانێکی نافەرمی بۆ عێراق، ڕاپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئەشکەنجە سێ ڕۆژ لە هەولێر و دهۆک ڕاوێژی لەگەڵ دەیان ڕێکخراوی ناحکوومی ناوخۆیی و ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ڕزگاربووان کرد. ئامانجی سەرەکی مانەوەی لە عێراق، جگە لە پشتگیریکردنی کارەکانی جێبەجێکردنی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی، بەتایبەتی بابەتی شیاندنەوە، پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی بابەتیی داهاتووی بوو سەبارەت بە بەهاناچوون لە بەرانبەر ئەشکەنجە سێکسییەکانی سەردەمی جەنگ کە پێشکەشی 79ەمین دانیشتنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

- لە 24ی حوزەیراندا، دانیشتنێکی تایبەت کە میوانداریکرا لەلایەن سیناتۆری فەرەنسی ناتالی گۆلێت و یەزدا و هاوبەشی زۆڤیگیان لە هۆڵی مێدیسیس لە کۆشکی لۆکسمبۆرگ لە پاریس بەڕێوەچوو. پەرتووکی ئێزدییەکان: جینۆسایدێکی لەبیرکراو وتارە سەرەکییەکانی بابا شێخ سەرۆکی ڕووحانی ئەنجوومەنی باڵای ڕووحانی ئێزدییەکان و ناتالی گۆلێت سیناتۆری لۆرن لە ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسای

لەخۆگرت. هەروەها چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ئەندامانی تۆڕی ڕزگاربووانی ئێزدی، مەنال لوقمان خەڵەف و شیرین خێرۆ خودیدە بەشدارییان لە پانێڵەکاندا کرد بۆ تاوتوێکردنی هەوڵەکانی بەدیهێنانی دادپەروەری بەرانبەر تاوانە ئەنجامدراوەکان و داکۆکیکردن لە پێداویستی و داواکارییەکانی ڕزگاربووان دوای دە ساڵ لە کۆمەڵکوژییەکە. لێرەدا زیاتر لەسەر چالاکییەکە بخوێنەرەوە؛ -demand-survivors-genocide-yazidi/org.yazda.www//:https -in-luxembourg-of-palace-at-session-special-during-justice paris

- دامەزراوەی ئێزدی ئازاد بە هاوکاری لەگەڵ کۆلێژی یاسا لە زانکۆی فۆردهام ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی "بەهێزکردنی جێبەجێکردنی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی: ڕاسپاردەی لەسەر بنەمای باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتی و بەراوردکارییەکان" بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە تێڕوانینێکی ورد پێشکەش دەکات سەبارەت پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و باشترین پراکتیزە بەراوردکارییەکان لە جێبەجێکردنی قەرەبووکردنەوە لە ڕێگەی ڕێڕەوی جیاجیا لە سەرانسەری جیهاندا. هەروەها ڕاسپاردەی ورد بۆ حکوومەتی عێراق و بەڕێوەبەرایەتییەکە دەخاتەڕوو. بۆ خوێندنەوەی زیاتر، لێرەدا ڕاپۆرتەکە ببینە؛ /content-wp/org.freeyezidi//:https pdf.Report_YSL_Leitner_FYF/06/2024/uploads

- زنجیرە پۆدکاستی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بە ناونیشانی "زیاتر لە مەرەکەبێک لەسەر کاغەز: جێبەجێکردنی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی" دوو ئەڵقەی نوێی بڵاوکردەوە. یەکەمیان گفتوگۆیە لەگەڵ کلارا ساندۆڤال و شیرین خێرۆ خودیدە کە دەتوانن لەم بەستەرە گوێی لێبگرن یان نووسراوی تەواوی گفتوگۆکان بخوێننەوە؛ https://c4jr.org/ar/3006202429381

- ئەڵقەی دووەم چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئەشکەنجە و مامەڵە یان سزا دڕندە یان نامرۆڤانە یان چەوسێنەرەکانی دیکە دکتۆر ئەلیس ئێدواردز. دەتوانن لێرەدا گوێ لە تەواوی گفتوگۆکە بگرن یان بیخوێننەوە؛ https://c4jr.org/ar/2606202429365

- نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ توندوتیژی سێکسی لە ململانێدا

- نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی لە ململانێکاندا خاتوو پرامیلا پاتن، لە 3ی تەمموزدا لە بۆنەیەکدا لە شاری شتوتگارت، پەردەی لەسەر مۆنۆمێنتی دایک و دادپەروەری بۆ ڕزگاربووان لە سەرانسەری جیهاندا لادا. هەروەها نادییە موراد لەگەڵ ڕزگاربووەکانی دیکەی توندوتیژی سێکسی بەشدار بوو. بەبەشداریکردنی وەزیری ئێستای ویلایەتی بادن ڤورتێمبێرگ بەڕێز وینفرید کریچمان، لە ڕێورەسمی لادانی پەردە لەسەر مۆنۆمێنتەکە، کە لە ئیلهامی یەکەم ڕزگاربووی ئێزدییەوە وەرگیراوە. هەروەها بەڕێزیان زۆر هاوکار بوو لە دەرچوونی یەکەم بڕیاری جیهانیی بۆ ناساندنی تاوانەکانی دژی ئێزدییەکان وەکوو تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ. خاتوو پاتن لە چالاکییەکەدا نیگەرانییەکانی خۆی دەربڕی سەبارەت بە بەربەستەکان لە جێبەجێکردنی تەواوی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی، بەتایبەتی سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی شیاندنەوە و بەربەستەکانی بەردەم ڕزگاربووان کە لە دەرەوەی عێراقدان. لێرەوە دەتوانن دەستتان بە تەواوی وتارەکەی بگات. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مۆنۆمێنتەکە سەردانی ئەم بەستەرە بکەن؛ www.nadiasinitiative.org/mother-and-justice



دایک و دادپەروەری – لە سەرەتای ئەم مانگەدا پەردە لەسەر مۆنۆمێنتێکی گەڕۆک لە شاری شتوتگارتی ویلایەتی بادن-ڤورتێمبێرگ لە ئەڵمانیا لادرا. وێنەکە لە ماڵپەری دەستپێشخەری نادیا وەرگیراوە.

## هەوڵەکانی لێپرسینەوە

- ڕۆژی پێنجشەممە 11ی تەمموز، ئەندامانی گرووپی کاری دادپەروەری تاوانکاریی لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، لەوانەش حەسەن جەمیل لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەت بە وەکالەت و سەرۆکی تیمی (یونیتاد) خاتوو ئانا پێرۆ لۆپیس و یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری یاسایی بەڕێز ستیڤن ماتیاس لە هەولێر دیداریان هەبوو بۆ تاوتوێکردنی کۆتاییپێهێنانی کاری تیمی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەوپێشبردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش\دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (یونیتاد) و ڕێگای بەرەو پێشەوەچوون دوای یونیتاد چۆن دەبێت. لەم بەستەرەوە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بخوێنەرەوە؛ c4jr.org/1607202429405
- گرووپی کاری دادپەروەری تاوانکاریی لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە 17ی تەمموز، ڕۆژی جیهانیی دادپەروەری تاوانکاریی، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە سزاکەی ئەم دواییەی دادگای تاوانەکانی کەرخی بەغدا کە بۆ ئەسما محەمەد هاوسەری بەغدادی سەرۆکی داعش دەریکرد، کە بڕیاری دا بەپێی یاسای دژەتیرۆری عێراق و بە ئاماژەکردن بۆ ماددەی 7ی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی وەک پاساو، لەسێدارە بدرێت. ڕاگەیەندراوەکە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات یاسایەک دەربکات کە تاوانە نێودەوڵەتییەکان بخاتە ناو یاسا ناوخۆییەکانەوە. لێرە ڕاگەیەندراوەکە بخوێنەرەوە؛ https://c4jr.org/ar/1707202429419

## ئاڵنگارییەکان

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، ئێمە تیشک دەخەینەسەر ئەو ئاڵنگارییە تایبەتانەی کە ڕووبەڕووی ڕزگاربووان یان لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبنەوە کە بەشدارن لە جێبەجێکردنی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی. ئەم ژمارەیە سەرنج دەخاتەسەر داواکاری لیژنەی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی هەواڵگری کە لە ناوخۆدا بە بایۆمەتری ناسراوە. هەموو پێشکەشکارانی داواکاری بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی دەبێت بایۆمەتری بەدەستبهێنن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە سکاڵای تاوانکارییەکەیاندا هاتوون. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی زۆری لە بەدەستهێنانی ئەم مۆڵەتە ئەمنییە ڕووبەڕووی بەربەستی بیرۆکراتی بەرچاو دەبنەوە، ئەمەش ڕێگری دەکات لە داواکارییان بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی و دەستڕاگەیشتنیان بە قەرەبووکردنەوە سنووردار دەکات.

دوای تۆمارکردنی سکاڵای تاوانکاری لە بنکەی پۆلیس یان دادگە، پێویستە پێشکەشکارانی داواکاری بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامادەبن یان لەلایەن پارێزەرێکەوە لە فەرمانگەی خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان (ئیستیخبارات) نوێنەرایەتییان بکرێت بۆ ئەوەی ڕەزامەندی ئەمنییان پێبدرێت. لەم پرۆسەیەدا، ڕەنگە خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان پێویستیان بە پشتڕاستکردنەوەی زانیاری بێت لەگەڵ موختارە ناوخۆییەکان یان سەرکردەکانی دیکەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکانی دیکە. ئەو ڕزگاربووانەی کە لەلایەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاوێژیان پێکراوە، باسی ئاڵنگاری جۆراوجۆر دەکەن، وەک تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی نێو سکاڵاکانیان، گۆڕانکارییەکان لە موختارەکان، نەبوونی موختارەکە لە ناوچەکەدا لەو ماوەیەی کە لە سکاڵاکەدا ئاماژەی بۆ کراوە و گرژییە ناوخۆییەکانی خێڵەکی و تائیفی. ئەم هۆکارانە وا دەکەن کە پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بۆ خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان قورس بێت، لە ئەنجامدا دەبنە هۆی دواکەوتنی یان ناتەواوبوونی بایۆمەتری و تەواونەبوونی داواکارییەکان بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی.

هەواڵنامەکانی پێشوو تیشکیان خستووەتەسەر ئەوەی کە چۆن پێداویستییەکانی بەڵگە پێویستەکان بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەنامەیەکی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی دژایەتی باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکان دەکەن لە بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوەی کارگێڕیدا. باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێکان (CRSV) پێویستە پێوەری تایبەت بۆ سەلماندن پەیڕەو بکەن و ڕاستی گریمانە بکەن لەسەر بنەمای شێوازەکانی توندوتیژی و ڕاستییە نەگۆڕەکانی دیکە. ئەم ڕێنماییانە ئامانجیان کەمکردنەوەی قورسایی سەلماندنە لەسەر ڕزگاربووان و دانانی بەو ئاڵنگارییە نامۆیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

مەرجی وەرگرتنی مۆڵەتە ئەمنییەکان، لەپاڵ داواکاری لیژنەی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی بۆ پشتڕاستکردنەوە لە ڕێگەی گەواهیدانی دوو کەس کە لە کاتی تاوانەکەدا لەگەڵ داواکاردا ئامادەبوون و/یان کە لە ڕێگەی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی قەرەبوویان وەرگرتووە، بەربەستی زیاتر لە پێشی پێشکەشکارانی داواکاری درووست دەکات. ئەم مەرجانە ڕێگری لە ڕزگاربووان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بە مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە. پێشکەشکارانی داواکاری بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی نابێت ناچاربن سکاڵا تاوانکارییەکانیان پشتڕاست بکەنەوە بە ئەنجامدانی چەندین سەردان بۆ خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان یان بنکەکانی پۆلیس یان سەرکردەکانی هۆزە ناوخۆییەکان. ئەم پرۆسەیە خانمە پێشکەشکارانی داواکاری بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی، بەتایبەتی، دەخاتە مەترسییەوە، مەترسی پێشێلکردنی نهێنی و دووبارە شۆکبوون و پەڵەداری. ئەم جۆرە مەرجانە لەگەڵ پراکتیکەکانی بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوەدا ناگونجێن کە سەرنجیان لەسەر ڕزگاربووانە، کە ئامانجیان پاراستنی داواکارانە وەک ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێکان و ئاسانکارییە بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە.

سەرەڕای سرووشتی قورسی ئەم مەرجانە، لیژنەی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی و دەسەڵاتداران، هەروەها بەشێک لە ڕزگاربووان کە لە ناوخۆی عێراق دەژین، پێیان وایە پێویستە میکانیزمی تۆمارکردنی سکاڵای تاوانکاریی بپارێزرێت وەک گەرەنتییەک لە بەرانبەر داواکاریی ساختە و پشتیوانیکردن لە هەوڵی لێپرسینەوەی تاوانکاریی لە ئەندامانی داعش.

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیازی ئەوە دەکات کە لیژنەکە ئەو سەختییە دارایی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییانە لەبەرچاو بگرێت کە ئەو ڕزگاربووانە دووچاریان دەبن کە مۆڵەتی ئەمنی بەدەست دەهێنن و کار بکات بۆ کەمکردنەوەی ئەم بارگرانییە زیادانە بە دۆزینەوەی ڕێگەی جێگرەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی سکاڵای تاوانکاریی پێشکەشکارانی داواکاریی بۆ یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی لەگەڵ ئەو گەواهیدانەی کە پێشتر دراون. پەسەندکردنی باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پرۆسەی قەرەبووکردنەوەی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی بە ئاسانتر دەست پێی ڕابگات و دادپەروەرتر و هەستیارتر بێت بۆ پێداویستییەکانی هەموو ڕزگاربووان.

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمان و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیایی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

### ڕووداوەکانی داهاتوو و هەوڵەکانی داکۆکیکردن

لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەیەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکان، ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) چەندین چالاکی و هەڵمەتی داکۆکیکردن ئەنجامدەدەن بۆ تیشک خستنەسەر ئاڵنگارییە بەردەوامەکانی پێشی دەستەبەرکردنی دادپەروەری و لێپرسینەوە بۆ ڕزگاربووان:

- کۆمیتەی ڕێکخستنی 10ەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزدییەکان کە لە چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرۆکایەتی ئێزدییەکان پێکهاتووە، بەکۆمەڵ بڕیاریاندا لە 3ی ئابی 2024 یادی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان بکەنەوە، بۆ گەیاندنی پەیامێکی ڕوون و یەکگرتوو، کە هیچ ڕێورەسم و چالاکییەکی دیکە نابێت لەو ڕۆژەدا لە عێراق بەڕێوەبچێت. ڕێورەسمەکان کاتژمێر 9:30 لە شوێنی مۆنۆمێنتی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە شنگال دەستپێدەکەن.




- دامەزراوەی ئێزدی ئازاد لە ماوەی پێش هاتنی دەیەمین ساڵیاد، 5 ڕاپۆرتی گشتگیر لەسەر بابەتگەلی گرنگ کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدی هەیە بڵاودەکاتەوە. ڕاپۆرتی یەکەم بەدواداچوون بۆ دۆخی جێبەجێکردنی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی دەکات و لێرەوە (-https://freeyezidi.org/fyf-publications/status-on /the-implementation-of-the-yezidi-survivors-law ) دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت. ڕاپۆرتی دووەم دەڕوانێتە ڕۆڵی گرنگی یونیتاد و ئاسۆکانی داهاتوو بۆ دادپەروەری و لێپرسینەوە و لێرەوە (https:// -freeyezidi.org/fyf-publications/the-vital-role-of-unitad-and /future-perspectives) دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت. فۆڵۆوی تویتەری دامەزراوەی ئێزدی ئازاد بکەن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی زیاتر هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەیان وەک ئەوەی لێرە بڵاودەکرێنەوە؛ https://x.com/Free_Yezidi
- ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی نوێترین ڕاپۆرتی خۆی بەناوی " گەڕانەوە بۆ شنگال: گەشتی کۆمەڵگەی ئێزدی بۆ ماڵەوە و ئاڵنگارییەکانی پێشی" بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە نەبوونی پاڵپشتیی پسپۆڕی لە تەندرووستی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی (MHPSS) و نەبوونی دەرفەتی بژێوی و ئابووری لە شنگال، کە هەردووکیان بەپێی ماددەی 5ی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی گەرەنتی کراون، وەک بەربەستی گەورە لەبەردەم گەڕانەوەی ڕزگاربووان دەستنیشان دەکات. هەروەها تیشک دەخاتەسەر پرسە هەستیارەکانی دیکە کە کاریگەرییان لەسەر گەڕانەوەی ئێزدییەکان بۆ شنگال هەیە. لێرەدا دەتوانن ڕاپۆرتەکە بە تەواوی بەدەستبهێنن؛ https://pfo-ku.org/images/2017/pdf/Yazydy.pdf
- دامەزراوەی ئێزدی ئازاد و بەرنامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەنجوومەنی ئەتڵەسی بە هاوبەشی میوانداری چالاکییەکی تێکەڵاو دەکەن لە واشنتن دی سی لە ڕۆژی دووشەممە 29ی تەممووز بۆ تیشک خستنەسەر خەباتی بەردەوامی کۆمەڵگەی ئێزدی بۆ چاکبوونەوە. بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکەدا لێرە ناوت تۆمار بکە.

هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە

**هەڵمەتی داکۆکیکاریی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەهەڵمەتی داکۆکیکاریی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە**

# 10 داواکاری، 10 ساڵ دوای جینۆسایدی داعش

نزیکەی یەک دەیە بەسەر ئەو جینۆسایدە تێدەپەڕێت کە داعش دژی پێکهاتەکانی ئێزدی و مەسیحی و شەبەک و تورکمان لە عێراق ئەنجامیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕزگاربووان و کۆمەڵگە ئاوارەکان هێشتا بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری بێئەندازە. بۆ یادی 3ی ئاب، ئەندامانی گرووپی داکۆکیکاری هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ ڕزگاربووان هاوکاربوون بۆ بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتێک کە پێداویستی و ئاواتەکانیان لە 10 داواکاریدا دەخاتەڕوو، کە هەریەکەیان پەیوەستن بە زنجیرەیەک پێشنیازەوە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئەندامان دە دیداری ڕاوێژکاریی جیاجیایان لەگەڵ ڕزگاربووانی ئەو چوار کۆمەڵگەیەی کە بەپێی یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزدی وەک شایستە دانپێدانراون- ئێزدی، مەسیحییەکان، شەبەک و تورکمان- بۆ پێکهێنانی بناغەیەک بۆ هەڵمەتی "10 داواکاری، دوای 10 ساڵ" هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) ئەنجامداوە، کە لە ڕۆژانی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە.

داواکارییەکان و ڕێوشوێنە پێشنیازکراوەکان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەن کە لە ڕێگەی ڕاوێژکردن لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاربووان کۆکراونەتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دیدگای ڕزگاربووان کە پاشخانی نەتەوەیی و ئایینی جیاجیایان هەیە، تەمەن، ڕەگەز و شوێنی جوگرافی نوێنەرایەتی دەکرێن. هیواداریین هۆشیاری لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی سەبارەت بەو جینۆسایدەی داعش و بارودۆخی ئێستای ڕزگاربووانی دانیشتووی عێراق و دەرەوەی وڵات بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان بەرزبکەینەوە.

ڕاپۆرتی داهاتوومان بەبێ بەشدارییە بەهادارەکانی ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) نەدەکرا، بەتایبەتی JOMR، دامەزراوەی ژیان، دامەزراوەی ئێزدی ئازاد، ڕێکخراوی DAK، ماڵی پێکەوەژیان، ڕێکخراوی جیهانێکی باشتر، فەریدا گڵۆباڵ و یەزدا، کە ڕاوێژیان لەگەڵ هەموو گرووپەکانی ڕزگاربووان ئەنجام دا و دۆزینەوەکانیان بنەمای ڕاپۆرتەکەمانن.

لم يكن تقريرنا القادم ممكنًا لولا المساهمات القيمة لأعضاء C4JR، ولا سيما منظمة JOMR، ومؤسسة Jiyan، ومؤسسة Free Yezidi Foundation، ومنظمة DAK، وبيت التعايش، ومنظمة Better World، ومنظمة Farida Global، Yazdag، الذين أجروا المشاورات مع مختلف مجموعات الناجين، وتشكل نتائجهم أساس تقريرنا.



## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR)

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لە 34 ڕێکخراوی ناحکوومی کە داوای قەرەبووکردنەوەی هەمەلایەنە بۆ قوربانیانی مەدەنی تاوانە دڕندەکان دەکەن کە لە کاتی شەڕی داعش لە عێراق ئەنجامدراون. C4JR یاسای عێراق و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ بەکاردەهێنێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان بۆ دابینکردنی قەرەبووکردنەوە. هەروەها C4JR کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە، داکۆکیکردن، پێشکەشکردنی چارەسەری بژاردە و پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە جیاجیاکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدیبهێنن بە دابینکردنی شوێن بۆ ڕاوێژکردن و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن لە: www.c4jr.org.

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

IOM
UN MIGRATION

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.